## هڵتەرمان و گفتوگۆیەکی کراوە لەسەر کتێبی

## (دۆزێکی ژەهراوی،ئەمریکاو عێراق و بەگازخنکاندنی هەڵەبجە)

*A Poisonous Affair, America, Iraq, and the Gassing of Halabja*



ئامادەکردنی: ئەمیرقادر/هۆڵەندا
hanagau@gmail.com

**دەستەی بەڕیوەبەری ناوەندی چاک، لەڕێگەی ماڵپەڕی چاکەوە،چەند هەفتە لەمەو بەر نامەی هڵتەرمانی بەدەست گەیشت کەتیایدا باسی کتێبەکەی خۆی کردبوو خوازیاربوو ناوەند گرنگی پێبدات و لەماڵپەڕەکەشیدا مافی کەڵک لێوەرگرتنی هەبێت و دواتریش بانگهێشتیکردبوو کەلەو چاوپێکەوتنەیدا کە لەهۆڵەند دەکرێت بەشداربن،چاک –هۆڵەند لەو کۆڕەدابەشداربوو ڕاپۆرتی تایبەت بەکۆڕەکە لەخوارەوە بخوێنەوە.**

**ئێوارەی 4–10–2007 لەزانکۆی ئەمستردام گفتوگۆو چاوپێکەوتن لەگەل یۆست هلتەرمان نوسەری کتێبی(دۆزێکی ژەهراوی، ،ئەمریکاو عێراق و بەگازخنکاندنی هەڵەبجە) بەڕێوەچوو،گفتوگۆکە لەلایەن بێژەری ناسراوی تەلەفیزیۆنی هۆڵەندی (یۆریس لۆویندایک) بەڕێوەدەبرا،باسەکە دووبەشی لەخۆی دەگرت کەیەکێکیان ڕاستەوخۆ پرسیارو وەڵامەکانی لۆویندایک بوو و هڵتەرمانیش بەوردی و بەشارەزایی**
**وەڵامی دەدایەوە،کەلەم بەشەدا زۆر تەوە رو گۆشە قسەیان لەسەرکرا،لەوانە سەرەتای بەرهەم هێنانی چەکی کیمیاوی لەلایەن عێراق و بەکار هێنانی بۆجاری یەکەم و بەشێوەی سەرەتایی لەساڵی 1983دا لەکوردستان و ئاگاداری ئەمریکاو دەزگاکانی (سی،ئای،ئەی) و حکومەتی ئەمریکاو کۆمەڵگای ناودەوڵەتی، دواتر باسی ئەوی کرد کەچۆن ئەمە بواری بە ڕژێمی بەعسدا تاگەشە بەمە بدات و لەهەنگاوی دواتردابەکارهێنانی بەشێوەی فراوانتر لەدژی لەشکری ئێران و ئامانجەمەدەنیەکان لەناو خاکی ئێراندا لەوانەش باسی کیمیابارانی شاری سەردەشتی کرد لەساڵی 1987دا.**




**دواتر لەسەر نەخشەیەک بەدرێژایی سنووری عێراق و ئێران و بەتایبەتی ناوچە کوردیەکانی ئاماژەپێداو ڕوونی کردەوە کە مەیدانی بەکار هێنانی ئەوچەکە بووە،دواتر بەکارهێنانی گازەکیمیاویەکان لەناوخۆداو دژی خەڵکی هاوڵاتی عێراق و دژ بەکوردەکانی عێرا ق هێزی پێشمەرگەو گوندنشینەکان دواتر باسی کردەکانی ئەنفالی کرد لە ئەنفالی یەکەوە تا ئەنفالی هەشت و باسی هەموو ئەونەهامەتیانەی کرد کەئەم گازە لەسەر خەڵکی کوردستان هەیبووە و تۆقاندنی خەڵکە گوندنشینەکان و خۆ بەدەستەوە دانیان و دواتر لەناوبردنی ژنو**

منداڵ و خەڵکی دەستبەسەر داگیراودا لە بیابانەکانی عێراقدا.

لەبەشێکی تردا هڵتەرمان باسی هەڵەبجەی کرد بەفراوانی زەمینەی پێش گرتنی هەڵەبجە لەلایەن هێزی ئێران و هاوکاری هێزی ئێشمەرگەو هێزە ئیسلامیەکانەوە و پرس و گومانی خستە سەر ئەوەی کەئایە ئەمە کارێکی ڕاست و هەڵبژاردنێکی ڕاست بووە بۆ هێزەکوردیەکان بە تایبەت کە عێراق پێشتر لەئەنفالی یەکدا و پێش لێدانی هەڵەبجە گازی کیمیایی دژی خەڵک و هێزی ئێسمەرگە بەکار هێنابوو وە باسی ئەوەی کرد کەئەم پرسە ئێستا لەلایەن خەڵکی کوردو و ڕۆشەنبیرانەوە دەکرێت ئەمەی بە پرسێکی سالم و لێکۆڵینەوەیەکی گرنگ لەقەڵەم دا.

هڵتەرمان بەشێکی گرنگی باسەکەی تایبەت کردەوە بە بەشداربوون و تاوانبار بوونی وڵاتانی ڕۆژئاوالەم تاوانەداو باسی ئەوەی کرد کەچۆن لەکاتی ڕودانی ئەم کارەساتەدا ئەمریکایەکان بۆ شاردنەوەی تاوانەکان و پشتیوانی لە دەوڵەتی عێراق بەبێ بوونی کەمترین بەڵگە بۆچەواشەکردنی ڕاستیەکان سیناریۆی هەڵبەستراوی ئەوەیان خستە ڕوو کە گوایە ئێران ئەمەی ئەنجام داوە،ئەو وتی من دواتر لە ئەمریکا گفتوگۆم لەگەڵ ئەوکەسەش کردووە کەدروستکەری ئەم شانۆگەریەبووە لە حکومەتی ئەمریکا.

دواتر دووبەش بوون و دەستەپاچەیی کۆنگرەی ئاسایشی نێونەتەوەیی باس کرد،هڵتەمان ووتی هەموو هاوکارو هاوپشتی دەوڵەتی بەعس بوون ووڵاتانی عەرەبی سەدام پاسەوانی دەرگای ڕۆژهەڵاتیان بوو،وڵاتانی غەرب و ئەمریکا دژ بە فراوانبوونی دەوڵەتی خومەینی و ئیسلامی هەموو هاوکاریەکی عێراقیان دەکرد،کوردەکان بوونە قوربانی و هەموو بێدەنگەیان لێکرد لەم تاوانە گەورەیە کەکۆمەڵ کوژی خەڵکی کوردستانبوو،لەگۆشەیەکی تردا باسی دۆزی فرانس ڤان ئانرات کرا و دەوری کۆمپانیا بیانیەکان،لێرەدا میکرۆفۆنیان بۆ فرانک سلایپەر ئەندامی کۆمیتەی هەڵەبجەو کەمپەینی دژی بازرگانی چەک لەهۆڵەنداو لێکۆڵەرەوە لە کۆمپانیا بەشدارەکانی هۆڵەندائازادکرد،فرانک لەباسەکەیدا باسی ڕۆڵی کۆمپانیائەوروپی و هۆڵەندیەکانی کرد و باسی هەندێک کەسایەتی سیاسی هۆڵەندی کرد وەک بۆڵکستاین کەسەرۆکی پارتی لیبراڵەکان بووە و چۆن کاتێک لەژێر فشاری ئەمریکادا وەزارەتی دەرەوە لیستی 21 ماددەی ڕاگەیاندووە وەک ماددەی قاچاغ کەبۆ بەرهەم هێنانی ئەم چەکانە گرنگ بووە بەڵام بۆڵکستاین هەموو دەسەلاتی خۆی بەکار هێناوە و ئەم لیستەیکردووە بە10 ماددەو چۆن دەوری ڕاستەوخۆتریشی هەبووە لە ئازادکردنی دەستی کۆمپانیەکاندا بۆ بازرگانی ئەم ماددانەلەکاتی شەڕی عێراق و ئێراندا.




لەدواین بەشدازۆر پرسیار وروژان لەوانە بۆ دوای ئەم ماوەدوورودرێژە بێدەنگی ئەم کتێبە ئێستا سەردەردێنێت؟،هڵتەرمان وەلامی ئەوەی دایەوە کە ئەو لەساڵی 1992 و 1993دا،کتێبی یەکەمی لەم بارەیەوە بڵاوکردۆتەوە لەسەر بنەمای ئەوچەندین تەن دۆکومێنتەی کەخۆی سەرپەرشتی کردووە کەلەدوای ڕاپەڕینەوە براون بۆ ئەمریکا،لاوەڵامی ئەوەش کە بۆ لەبەرانبەر دەستدرێژیەکانی دەوڵەتانی تری وەک سوریاو ئێران و تورکیاو ئەگەری بەکار هێنانی ئەم چەکانە لەلایەنی دەوڵەتی تورکیاوە دژ بەگەریلاو خەڵکی کوردستان دووبارەبوونەوەی ئەم سیناریۆیە بێدەنگی دەکرێت و کۆمەڵگەی ناودەولەتی هەڵوێستی نیە؟،هیلتەرمان ووتی هیچ زانیاری و دۆکومێنتێک نین کە لەوەدڵنیامان بکاتەوە کە تورکیا ئەم کارە دەکات.

خاڵێکی تر کە هڵتەرمان وەک هەڵسوڕاوێکی مافی مرۆڤ باسی کردو لای تازەبوو لەم کتێبەداو لە مەسەلەی لێکۆڵینەوەدا گفتوگۆو چاوپێکەوتنی مەیدانی بوو لەگەڵ تاوانباران و بکەرانی ئەم تاوانەداو لە وەشدا وەک نوونە باسی جاشەکان و موستەشارەکان و بەرپرسانی پلەبەرزو کەم پایەتری ڕژێمی بەعسی کرد،ئەو ووتی ئێمە زوو هەرلەگەڵ قوربابنیەکان و بەرەی بێتاواندا لێکۆڵینەوەمان دەکرد بەڵام بۆ ڕوون کردنەوەی ڕاستیەکان هەردوولا زۆر گرنگن.

مسەلەی کوردو کەرکوک، ئایندەی کوردستان گۆشەیەکی تر بوو کەئامادەبووانی کورد زۆر وروژاندیان،بەو هۆیەی کە هڵتەرمان لە کرایسس کۆمیتەدایە و ڕایەکی زۆر باشیان نیە لەسەر مەسەلەی کەرکوک!،هلتەرمان لەم بارەیەشەو ڕای

خۆیداو ووتی من لەگەڵ ئارامکردنەوەی بارودۆخدام و دژ بەهەڵهایساندنی جەنگم و لەوانەیە کەرکوک ببێتە فتیلەی شەڕێک کە خەڵکی کوردستان زۆر تێیدازیانباربن ،ووتی ئێمە تەنها سەرنجی خۆمانداوەو کراوەین ڕێگاچارەیەک کە ئێمە بۆئاشتی و نەبوونی شەڕ باسمان کردووە شەرتنیە خەڵک و لایەنەکان کاری پێبکەن و لەوێدا باسی لەئەمریکاکرد و ووتی ئەوان هەموو لێکۆڵینەوەکانی ئێمەیان لەدوو لاپەڕەداکورت کردۆتەوە.

هڵتەرمان لەدوایین قسەکانیدا زۆر بەختەوەربوو کە کەکتێبەکەی وەردەگێردرێتە سەرزمانی کوردی و خوازیاری ئەوەش بوو کەلەکۆنگرەی دژی جینۆسایدا بەشداربێت و بانگی بکەن بۆ کوردستان ئەو باسی کرد ووتی ئەم تاوانە زۆرگەورەیە کەبەرانبەر کوردکراوە و دەبێت  باسکردن و روون کردنەوەی ئەم تاوانە چوارچێوەی باسی زانکۆکان و ئەکادیمیەکان تێپەڕبکات و ببێتە باسی خەڵکی سادده.

شتێک کەزۆر سەرنجی ڕاکێشام ئەوچەند دێرەبوو کە هلتەرمان لەکاتی ئیمزاکردن و پێشکەشکردنی کتێبەکەیدا ئەی نووسی( بەڕێزم ،هیوادارم ئەم کتێبە جێگەی پەسەندکردنت بێت،تادەنگی خەڵکی کوردستانی نەبیستراو و ئەم تاوانە قسەلێنەکراوە بگاتە هەمووولایەک.ئیمزا هڵتەرمان.)